*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Role of Non-linguistic Symbols in the Economics of Language

**Asst. Lect.Omed Samad Ahmad***
**Department of Kurdish Language / College of Basic Education / Salahaddin University – Erbil.**
**omed.ahmad@su.edu.krd**

**&**

**Dr. Rzgar Ismail Karim**
**Department of Kurdish Language / College of Languages / Salahaddin University – Erbil**
**rizgar.kareem@su.edu.krd**

**Received:** 14/09/2025, **Accepted:** 27/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

It is evident that language does not remain in a static state; rather, it is continuously developing and changing. The ongoing transformations of human life have a direct impact on language change. In this sense, language is a dynamic system that constantly adapts to meet the evolving needs of society. With the increasing complexity of life, humans naturally seek efficient ways of communication with the aim of saving both time and energy.

In this context, non-linguistic symbols such as traffic signs, commercial logos, emojis, and others play a crucial role. These symbols, at the same time, convey clear meanings and are often universally recognizable, regardless of an individual's educational background. Non-linguistic symbols, as a category of signs, have been used by humans since ancient times for communication and interaction.

* **Corresponding Author**: Omed Samad Ahmad**, Email**: omed.ahmad@su.edu.krd
**Affiliation**: Department of Kurdish Language / College of Basic Education / Salahaddin University – Erbil.
©This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

The complexity of life has led humans to adopt more convenient ways of organizing their lives with minimal expenditure of energy and time. This has encouraged humans to think in terms of economy, thereby developing a tendency to simplify their expressions, conserve energy, and reduce the burden placed on the speech organs. In this regard, non-verbal symbols play an important role in linguistic economy by accelerating the transmission of meaning and reducing the effort required in writing and speaking. From this standpoint, the present study discusses a range of non-linguistic symbols in relation to linguistic economy.

**Keywords:** symbol, linguistic symbol, non-linguistic symbol, linguistic economy, language change.

## دور الرموز غير اللفظية من الإقتصاد اللغوي

**أوميد صمد أحمد**
**omed.ahmad@su.edu.krd**
**(قسم اللغة الكردية / كلية التربية الأساسية / جامعة صلاح الدين – أربيل).**
**و**
**رزگار إسماعيل كريم**
**rizgar.kareem@su.edu.krd**
**(قسم اللغة الكردية / كلية اللغات / جامعة صلاح الدين – أربيل)**

**المستخلص**

من الواضح أن اللغة لا تبقى في حالة ثابتة، بل تتطور وتتغير باستمرار، وأن التغيرات المستمرة في الحياة البشرية لها تأثير مباشر على تطور اللغة. اللغة نظام ديناميكي يتطور باستمرار لتلبية الاحتياجات المتغيرة للمجتمع. مع تعقيد الحياة، يبحث الناس بشكل طبيعي عن طرق فعالة للتواصل من أجل توفير الوقت والطاقة. في هذا السياق، تلعب الرموز غير اللغوية، مثل علامات المرور، وعلامات التجارة، والرموز التعبيرية، وما إلى ذلك، دورًا مهمًا، وتؤدي هذه الرموز في الوقت نفسه إلى نقل معاني واضحة وغالبًا ما يتم التعرف عليها عالميًا، بغض النظر عن مستوى تعليم الشخص. الرموز هي نوع من الرموز التي استخدمها البشر منذ العصور القديمة للتواصل والتفاعل مع بعضهم البعض. لقد تسبب تعقيد الحياة في أن يبحث الإنسان عن الطريقة الأكثر ملاءمة لتنظيم حياته، بأقل كمية من الطاقة والوقت، وهذا ما جعل الإنسان يفكر في التوفير، ولهذا السبب يرغب في تسهيل تعبيره، للحفاظ على الطاقة ولتقليل العبء على عضلات أجهزة الكلام، يتم ذلك من خلال تسريع تواصلهم الدلالي وتقليل الطاقة في الكتابة والتحدث. من هذه الزاوية، تناقش هذه الدراسة بعض الرموز غير اللغوية المختلفة المرتبطة بالاقتصاد اللغوي.

**الكلمات الرئيسية:** الرمزية، الرمزية اللغوية، الرمزية غيراللغوية، الاقتصاد اللغوي، تحول اللغة.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

# ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە ئابووریکردن لەزماندا

**م.ی. ئومێد صمد احمد**
**omed.ahmad@su.edu.krd**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر**
**د. رزگار اسماعیل کریم**
**rizgar.kareem@su.edu.krd**
**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر**

**پوختە:**

ئاشکرایە، کە زمان لە دۆخێکی جێگیر نامێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆڕاندایە، گۆڕانکاڕییە بەردەوامەکانی ژیانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی زماندا هەیە. واتە زمان سیستەمێکی دانامیکییە، بەردەوام لە پەرەسەندندایە بۆ دابینکردنی پێداویستییە گۆڕاوەکانی کۆمەڵ. لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان، مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای ڕێگەی کارادا دەگەڕێت بۆ پەیوەندیکردن، بە ئامانجی پاراستنی کات و وزە. لەم چوارچێوەیەدا، هێما نازمانییەکان، وەک: (هێماکانی هاتوچۆ، هێماکانی بازرگانی، ئیمۆجی، ...هتد.) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، ئەم هێمایانەش لە یەک کاتدا مانای ڕوون دەگەیەنن و زۆرجار بە شێوەیەکی گشتگیر دەناسرێنەوە، بەبێ گوێدانە ئاستی خوێندەواری کەسێک. هێما نازمانییەکان وەك جۆرێك لە جۆرەکانی هێما، مرۆڤ لە کۆنەوە بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکترگەیشتن بەکاریدەهێنێت. ئاڵۆزی ژیان وایکردووە، مرۆڤ لەبارترین ڕێگا بگرێتەبەر بۆ ڕێکخستنی ژیان، بە سەرفکردنی کەمترین وزە و کات، هەر ئەمەش وایکردووە، مرۆڤ بیر لە ئابووریکردن بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئارەزووی ئاسانکردنی دەربڕینی لادروستدەبێت، بەمەبەستی پاراستنی وزە و سوککردنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتن، هێما ناجووڵەییەکانیش لەمبارەیەوە ڕۆڵی گرنگ لە ئابووریکردنی زمان دەبینین، ئەمەش لە ڕێگەی خێرایی گەیاندنی واتاکانیان و کەمکردنەوەی وزە لە نووسین و ئاخاوتندا، لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی چەند هێماییەکی نازمانی جیاواز پەیوەست بە ئابووریکردنی زمانیی دەکات.

**وشە کلیلییەکان:** هێما، هێمای زمانی، هێمایی نازمانی، ئابووریکردنی زمانیی، گۆڕانی زمان

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

**پێشەکی**

**1-0 ناونیشانی توێژینەوەکەو بوارەکەی:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: ( ڕۆڵی هێما نازمانییەکان وەك بەشێك لە ئابووریکردن لەزماندا ) ، کە تێیدا (هێما ناجووڵەییەکان) بەنموونە وەرگیراوە، بواری توێژینەوەکەش زیاتر لە چوارچێوەی واتای دەوروبەرە.

**2-0 سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی( زمانی کوردی- زاری ناوەڕاست) دایە، واتە لە چوارچێوەی ئەم زارەدا تایبەتمەندیی و گرنگی هێما نازمانییەکان لە نێویاندا ( بەنموونەی هێما ناجووڵەییەکان) ڕۆڵیان وەك بەشێك لە ئابووریکردن لەزماندا دەخاتەڕوو.

**3-0 ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکە (ڕێبازێکی وەسفی شیکاری)یە، بە سوود وەرگرتن لە هێما نازمانییەکان و بەکارهێنانیان لە بوارە جیاجیاکانی، وەك: (بازرگانی، ئەلیکترۆنی، هاتوچۆ، ...هتد) کە لە شێوەی هێمای ناجووڵەیی دان.

**4-0 ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- گرنگیدان و ناساندنی زیاتری هێما ناجووڵەییەکان لەگەیاندنی واتاکانیان.
2- دەرخستنی گرنگی هێمانازمانییەکان وەك بەشێك لە ئابووریکردنی زماندا.

**5-0 گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هێما ناجووڵەییەکانی ناو هێما نازمانییەکانی وەك بەشێك لە ئابووریکردنی زمان دەردەخات، ئەم دەرخستنەش ڕۆڵی گرنگ لە پاراستن و کەمکردنەوەی وزە دەبینێت و گەیاندنی واتایی خێرا دەکات.

**6-0 پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارەك دەگەڕێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- چۆن ئابووریکردن لە زماندا دەردەکەوێت ؟
2- بۆچی ئاخێوەر ئابووریکردن لە زماندا ئەنجامدەدات؟
3- هێمانازمانییەکان و جۆرەکانیان، چۆن ئابووریکردنی زمانییان تێدا دەردەکەوێت؟

**7-0 ناوەڕۆك و پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی، بۆ دوو بەش دابەشکراوە، بەشی یەکەم؛ چەند لایەنێکی تیۆریی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تێیدا سەرەتا تیشکخراوەتەسەر؛ پێناسەی هێما، جۆرەکانی هێما، دواتریش باس لە ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە گەیاندنی واتا کراوە. بەشی دووەمیش؛ لایەنی کارەکی توێژینەوەکەیە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لە: ( چەمکی ئابووریکردن، سوود و گرنگی ئابووریکردن لەزماندا، گۆڕانی زمان) کراوە، تەوەری دووەمیش بریتییە لە شیکردنەوەی چەند هێمایەکی زمانی( ناجووڵەیی)، لە چەند بواری جیاواز، پەیوەست بە ئابووریکردنی زمانیی.

**بەشی یەکەم: هێما**

**1-1 پێناسەی هێما:**

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هێمای بە مەبەستی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن بەکارهێناوە ، هەر وەکو ئەو هێمایانەی، کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، یان لەسەر پێستی ئاژەڵەکان، یان هەر شتێکی تر، کە دۆزراوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت مرۆڤ بەکارهێنەری سەرەکی هێماکانە، هێماش مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، ئەو هێمایانەش مرۆڤ لە کۆمەڵی خۆی فێری دەبێت . ئەمەش بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵەیە، یاخود بەندە بە ڕیککەوتنی کۆمەڵەوە، ئەو هێمایانەش لە کۆمەڵەکەوە بۆ کۆمەڵەکی تر جیاوازە، هەر کۆمەڵەکیش خاوەنی کۆمەڵێك هێمای خۆیەتی، هێمالۆجیش زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوە و پۆلینکردنی هەموو جۆرە نیشانە و هێما دەدات، جا زمانیی بێت، یاخود نازمانیی، بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی هێما دەخەینەڕوو :

-هێما: ((بریتیە لەو نیشانەیەی، کە مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری بە خواست و ویستی خۆی دایناناوە، بەمەبەستی لێك جیاکردنەوەی شتەکانی دەوروبەری)) (عەلی، 2011، ل10). واتە هێما ئاماژەیە بۆ جیاکردنەوەی شتەکانی دەوروبەر لەیەکتریدا.

-یاخود هێما: (( چەند دەنگێکە شتێك دەنوێنێت، کە خۆیان نین و مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی هێما بۆ شتێك دادەنێت، تاکو ژیانی ڕۆژانەی ڕێك بخات و کەسەکان لەیەکتر بگەن)) (دزەیی، 2011، ل38). لێرەدا دەردەکەوێت، هێما بۆ ڕێکخستنی کەرەستە و شتەکانی دەوروبەرە.

- هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەی هێمادا هاتووە: (( بریتییە لەو نیشانانەی، کە مرۆڤ بۆ هەموو شتێکی دەوروپشتی بە خواست و ویستی خۆی دایاندەنێت بەمەبەستی ناسین و لەیەك جیاکردنەوە و لەیەك گەیشتن، هەروەها وەك چەکێك بۆ بیرکردنەوە بەکاریان ئەهێنێ)) ( سعید، 1989، ل39). لێرەشدا دەردەکەوێت، یەکێك لە گرنگی و تایبەتمەندییەکانی هێما ئەوەیە هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ بەهێز دەکات و وای لێدەکات جیاکاریی شتەکان بکات.

ئەگەر سەیری ئەم پێناسانەی سەرەوە بکەین، زۆربەی پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هێما ئەو شتەیە، کە مرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریدەهێنێت، ئەمەش بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی شتەکانە لەیەکتری.

کەواتە: هێما بریتییە لەو ڕیزە دەنگەی، کە مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکترگەیشتن بەکاریدەهێنێت و هێما بۆ شتەکان دادەنێت بە خواست و ویستی خۆی و بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ.

**1-2 جۆرەکانی هێما:**

**1-2-1 هێمای زمانیی:**

هێما زمانییەکان بە یەکێك لە تایبەتمەندییە نایابەکانی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکتر گەیشتن دادەنرێت ، یەکەیەکی زمانییە و زیاتر لە دەنگ و وشە و ڕستە پێکدێت، ئەو هێمایەش ئاماژە بە شتێکی هەستپێکراو، یان بیروبۆچوونێکی بەرجەستە دەکات، ئەو بیروبۆچوون و شتانەی ئاماژەی بۆ دەکات لە بنەڕەتدا ئەوا خۆی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی لە خۆوە لە نێوانیان هەیە (عەلی و ئەوانی تر، 2011، ل4)، هەموو ئەو وشانەی ئەو هێمایە دروستدەکەن، دوو دیوی هەیە، کە ئەوانیش:

**دیوی یەکەم** : ئەو ڕیزە دەنگەیە، کە دەیبیستین، هەندێك لە زمانەوانەکان بە فۆرم، یاخود دەربڕین ناوی دەبەن.

**دیوی دووەم : ((**بریتییە لەو بیرەی (وێنە)، کە لە مێشکی مرۆڤدا بەرانبەر ئەو ڕیزە دەنگە دروستدەبێت، ئەمەش بە ناوەڕۆك، یاخود واتا ناو دەبرێت)) (سعید، 1989، ل41). هەردوو دیوی هێماکان وەك ڕووی کاغەزێك، یاخود دراوێك وایە، کە ناتواندرێت لەیەکتری جیابکرێتەوە، پەیوەندیی نێوان هەردوو دیوەکە پەیوەندییەکی لە خۆوەیە بە پێی ڕێککەوتنی کۆمەڵە، گشت هێما زمانییەکانیش لە کۆمەڵ دروستبووە، لە ئەنجامی گوێزانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە، ئەو هێمایانە بەبێ هیچ هۆیەك هەموو کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون .

هێما زمانییەکان لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر جیاوازە، وەکو : سێو لە زمانی عەرەبیدا بە (تفاح)دەردەبڕدرێت، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیی بە (apple ) دەردەبڕدرێت، بۆیە هەر هێمایەك لەو هێمایانە لە کۆمەڵی خۆی بایەخی زیاتری هەیە، ڕەنگە لە کۆمەڵەیەکی تر ئەو بایەخەی کەم بێت، یاخود هەر نەبێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین: هێمای زمانی جۆرێکە لە پەیوەندیکردن, کە لە ڕێگای دەربڕینی دەنگ و پیت و وشەکان ئەنجامدەدرێت.

**1-2-2 هێمای نازمانی:**

ئاڵۆزی ژیان وایکردووە، مرۆڤ جگە لە زمانی دەربڕین و ئاخاوتن و نووسین، ڕێگای تریش بگرێتەبەر بۆ پەیوەندیکردن و لە یەکتر گەیشتن، ئەویش ((زمانی جەستە و گەیاندنی نازمانییە، چونکە زمانی جەستە و هێمای وێنەیی و نازمانیی لە پێکهاتە دەنگییەکان پتر نهێنی دەردەبڕێت)) (حەمەڕەشید، 2013، ل280). هێما نازمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەیوەندیکردن و زوو گەیاندنی واتا هەیە ، زۆربەی هێما نازمانییەکان کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوار لە واتاکانی دەگەن، ئەو هێمایانەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر گۆڕانی بەسەر دێت، ئەم گۆڕانەش مەرج نییە لە بەهای هێماکە کەم بکاتەوە، بەڵکو بەها و گرنگی هێماکان پیشاندەدات لە پەیوەندیکردندا، وەك دیارە مرۆڤ جگە لە پەیوەندیکردنی شێوازی زمانیی، دەتوانێ شێوازی نازمانیش بەکاربهێنێت، وەك: ( ئاماژە و هێما و وێنە...هتد)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازە، وەك: ( بیستن بینین بەرکەوتن. . هتد ) ، ئەم فرە هەستییەش وایکردووە، مرۆڤ کۆدە ئاراستە کراوەکان وەربگرێت

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

ئەگەر کۆدی زمانیش نەبێت، بۆیە ((جگە لە پەیوەندیکردنی زمانیی لە ڕێگەی هەستەکانەوە توانای پەیوەندیکردنی نازمانیشی هەیە، بۆیە مرۆڤ کاتێك ئەندامی ئاخاوتن لە دەستدەدات، پەنا بۆ( ئاماژە و هێمای زمانیی و جەستەیی،... هتد) بۆ پەیوەندیکردن دەبات)) (ئەحمەد، 2008، ل22).

بەمشێوەیە، دەتوانین بڵێین: هێمای نازمانیی بریتییە لە پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە ئاماژە و ڕەمز و هێما و وێنە, بەبێ بەکارهێنانی دەنگ و وشە و ئاخاوتن.

**3-1 جۆرەکانی هێمای نازمانیی:**

بەشێوەیەکی گشتی هێما نازمانییەکان دابەشی سەر دوو جۆر دەبن، ئەوانیش:

**أ- هێمای نازمانیی جووڵەیی:** ئەم هێمایانە، کە جووڵەی تێدایە، هێمای نازمانییە جووڵەییەکان وەکو زمانی جەستە و زمانی نابیستەکان و جووڵەی: ( سەر ، چاو، دەست، برۆ، پەنجە،..هتد)،

**ب- هێمای نازمانیی ناجووڵەیی**: هێما نازمانییە ناجووڵەییەکانیش کۆمەڵە هێمایەکن، کە وەستاون و جووڵەی تێدا نییە، لە بوارە جۆراو جۆرەکان بەکاردێن، وەك: (ڕەنگەکان، جلوبەرگ، وێنە(هۆشەکی، ڕاستەقینە، وەسفی)، هێمای وێنەی(فۆتۆگرافی، تابلۆی هونەری، کاریکارتێر).

بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندیی بە توێژینەوەکەمان هەیە، هێما ناجووڵەییەکانە، کە گشتین و لە هەموو زمانەکان هەمان واتایان هەیە و بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، وەك: (هێماکانی هاتوچۆو هێماکانی بازرگانی، هێما ئەلیکترۆنییەکان، ئیمۆجییەکان، هێماکانی وریاکردنەوە، پابەندبوون، ئاڕاستەکردن، قەدەغەکردن، خزمەتگوزاریی...هتد، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ئابووریکردن لە زماندا، لەمبارەیەوە ((پێرێس) یەکێکە لە فەیلەسوفە ئەمەریکییەکان، پێیانوایە ؛ لەم جیهانە دەتوانین لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی: ( کیمیا و فیزیا و بیرکاری ....هتد) وەکو سیستەمێکی هێمالۆجی بکەین)) (دزەیی، 2011، ل37)، بەشێوەیەکی گشتی هێما ناجووڵەییەکان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشدەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**1- وێنە :** ئەو جۆرە هێمایەیە، کە واتاکەی لە ڕێگای لاساییکردنەوە دەردەکەوێت، وەك: وێنەی شت و نەخشە و هێڵکاری،.... هتد(دزەیی، 2011، ل37).

**2- نیشانە :** جۆرێکە لە جۆرەکانی هێمای نازمانی، کە پەیوەندی و لێکچوون لە نێوان فۆڕم و واتاکەی هەیە . وەك دووکەڵ، هێمایە بۆ ئاگر، یان هەور هێمایە بۆ باران...هتد(عەلی و ئەوانی تر، 2011، ل97 ).

**3-ئاماژە:** ئەو جۆرە هێمایەیە، کە واتاکەی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵ دیاریکراوە، وەك: (هێماکانی هاتوچۆ، هێماکانی بازرگانی، هێما ئەلیکترۆنییەکان، ئیمۆجییەکان، هێماکانی وریاکردنەوە، پابەندبوون، ئاڕاستەکردن، قەدەغەکردن، خزمەتگوزاریی...هتد).

**4-1 ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە گەیاندنی واتادا:**

هێما نازمانییەکان ڕۆڵێکی زۆریان لە گەیاندن و گوێزانەوەی زانیارییدا هەیە ، هەرچەندە تەنها هۆکارێکیش نییە بۆ گەیاندن و گوێزانەوەی زانیاریی، هێمازمانییەکانیش هۆکارێکی ترن، بەڵام لەبەر ئەوەی هێما نازمانییەکان چوونەتە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ بۆ زۆر مەبەست بەکاریان دێنێت، هەندێك لەو مەبەستانە لەخوارەوە ئاماژەپێدەکرێت:

**1-زوو مەبەستدان:** یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هێمای نازمانیی ئەوەیە، کە زوو مەبەست دەدەن بە دەستەوە لە گەیاندنی واتا، بە بەراورد بە هێما زمانییەکان، بۆ نموونە: کاتێك چاومان بەو کەسانە، دەکەوێت کە جلێکی سەر بە پیشەیەکی تایبەتی لەبەرە، ئەوە یەکسەر پیشەکەمان بۆ دەردەکەوێ، لەگەڵ پلەکەی ئەگەر هەبێت، وەك: (دکتۆر، پۆلیس، قوتابی،....هتد).

**2- ئابووریکردن (ئیکۆنۆمی):** یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی تری هێمای نازمانیی ئابووریکرنە، کە مرۆڤ بۆ مەبەستی وزەپارێزیی هێمانازمانییەکان بەکاردەهێنێت، جا هێمای جووڵەیی بێت، یاخود نا جووڵەیی.

**3- بۆ پاراستنی نهێنی:** هەندێکجار هێما نازمانییەکان بۆ مەبەستی نهێنی بەکاردێت، وەك: لە کاتی جەنگ، بۆ مەبەستی بڵاونەبوونەوەی زانیاریی جەنگی پەنادەبەنە بەر هێمای نازمانیی، یان بڵاونەبوونەوەی هەندێك زانیاریی لەنێوان چەند کەسێکی دیاریکراو، یان لە کاتی مەترسی،... هتد.

**بەشی دووەم: ئابووریکردن لەزماندا**

1-2 چەمك و تێروانینی ئابووریکردن لەزماندا:

پێش ئەوەی چەمکی ئابووریکردن لەزماندا ڕونبکەینەوە، بە پێویستی دەزانین سەرەتا بەشێوەیەکی کورت، چەمکی ئابووریکردن بناسێنین.

ئابووریکردن؛ یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵ. مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لە پێناو گونجاندن و ڕێکخستنی خۆی لەگەڵ سروشتدا، بەردەوام بیری لەوەکردۆتەوە، کە بتوانێت بە ئاسانترین ڕێگا هەنگاو بەرەو ڕێکخستنی ژیانی بنێت، هەر لەبەر ئەو هۆیانە بیرو تێروانینی ئابووری لەلای مرۆڤ بەرە بەرە گەڵاڵە بووە و تا گەیشتۆتە چوارچێوەیەکی زانستیی و بووە بە زانستێکی سەربەخۆ.

چەمکی زانستیی ئابووریکردن؛ چەمکێکی فرە ڕەهەند و فرە بوارە، وەك دیاردەیەکی مرۆیی و کەلتووری لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دەرکەوتەی هەیە. لە گرنگترین و گشتگیرترین ئەو پێناسانەی، کە بۆ زانستیی ئابووری کراوە، ناساندنەکەی ئابووریناس (ئادەم سمس Adam Smith)ە، کەبە "باوکی ئابووری" ناسراوە، کە دەڵێت: ((زانستیی ئابووری؛ زانستێکی کۆمەڵایەتییە، توێژینەوە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی سەرچاوە سنووردارەکان لەکۆمەڵگەدا دەکات)) (السيريتي,2014, ص18 ). واتە؛ لە ڕوانگەی (ئادەم سمس Adam Smith)ەوە، ئەم زانستە توێژینەوە لە شێوازی داهاتی تاك لەسەر بنەمای ؛ نرخ، کاڵا، بازارکردن،...هتد، دەکات. هەر لەبارەی ناساندنی ئەم زانستەوە، ئابووری ناسی ئینگلیزیی (ئەلفرێد مارشاڵ-Alfred Marshall) دەڵێت: ((ئەم زانستە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. واتە؛ مرۆڤ لەپێناو ئەوەی گوزەرانی خۆش بکات و دەستکەوت و دەرامەت پەیدابکات، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامە، پەنا دەباتەبەر ئابووریکردن)) (Alfred, 1948, 49). واتە؛ ئەم زانستە لە پەیوەندیی نێوان ژیانی مرۆڤ پەیوەست بە لایەنی ئابوورییەوە دەکۆڵێتەوە.

کەواتە؛ زانستیی ئابووری زانستێکە توێژینەوە لەبارو گوزەرانی ژیانی مرۆڤ لەڕووی ئابوورییەوە دەکات، ئەمەش لەپێناو پڕکردنەوە پێویستییە جۆراوجۆرەکانی.

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە گرنگەی، کە زانستیی ئابووری لەکۆمەڵدا پێی گەیشت، بووە هۆی ئەوەی زمانەوانیش سوودی لێ ببینن و بۆ ناو زانستیی زمان بیگوازنەوە[i].

چەمکی ئابووریکردن وەك دیاردەیەکی زمانیی لەنێو هەموو زمانێکدا دەرکەوتەی هەیە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت. ئەم چەمکە لەلایەن زمانەوانان پێناسە و تێروانینی جیاوازیی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخرێتەڕوو:

(ئیریەل ڕوبنستیەن) دەڵێت: ((بۆچی زانستیی ئابووری دەکرێت ببێتە بابەتێکی پەیوەندیدار بەزمانەوە؟ ناوبراو هەرخۆشی وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: لەبەرئەوەی بواری ئابووری پەیوەندیی بەمرۆڤەوە هەیە، کە زمان میکانیزمێکی سەرەکییە بۆ مرۆڤ لە کاتی بڕیاردان و دادوەری و گفتوگۆدا)) (Rubinstein, 2009, 4).

زمانەوانیی فەڕەنسی (بیرجیرو) لە کورترین پێناسەی چەمکی ئابووریکردن لەزماندا دەڵێت: ((ئابووریکردن لەئاخاوتندا بە سەرفکردن کەمترین وزەو مەرجی هەوڵ بەستراوەتەوە))( بیروجیرو، 1994، ص109). واتە؛

ئابووریکردن لەزماندا گوزارشتە بۆ کەمکردنەوەی وزە، جا ئەم کەمکردنەوەی وزەیە، چ لە زمانی ئاخاوتن، یاخود نووسین بێت، کە تێیدا ئاخێوەر دەیەوێت لە کەمترین کاتدا کەسی بەرامبەر تێبگەیەنێت.

(بلۆمفێلد) لە چوارچێوەی گەشەو گۆڕانی زماندا چەمکی ئابووریکردن لەزماندا دەناسێنێت و دەڵێت: ((ئاڕاستەکەی بەرەو کورتکردنەوەی و ئاسانکردنی پێکهاتەکانی ڕۆیشتووە، بۆ نموونە: گۆڕانی دەنگەکان وشە کورتدەکاتەوە))( خۆشناو و ساڵح، 2014، ل5). واتە؛ ئابووریکردن لەزماندا زمان بەرەو ئاسانی دەبات.

هەر لەڕوانگەی ناساندنی ئەم چەمکەدا، (سابیر) پێیوایە: ((هەموو زمانەکانی جیهان لەو خاڵەدا هاوبەشن، کە زمانەکەیان، بەرە بەرە بە ئاڕاستەی کەمی خەرجکردنی وزە دەڕوات لە ئاخاوتن و دەربڕیندا، بەمەش گەشەو گۆڕان ڕوودەدات))( کولماس، 2000، ل6-7). واتە؛ ئابووری زمانیی یەکێکە لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان بە مەبەستی کەمکردنەوەی وزە، نەك بەپێچەوانەوە.

(محەمەد مەعروف فەتاح) لەڕوانگەی تیۆری (وزە پاراستن)ەوە، ئەم دیاردە زمانییە شیدەکاتەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت: (( بەپێی ئەم بیرە هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لەزماندا ڕوودەدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی، کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین))(فەتاح، 2011، ل129). بەپێی تێڕوانینی (محەمەد مەعروف فەتاح)یش، ئابووریکردن لەزماندا بۆ سوککردن و ئاسانکارییە لەنێوان ئاخێوەراندا.

(فاخیر هاشم ئەلیا سەری)ش چەمکی ئابووریکردن لە زماندا ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ((بنەمایە بۆ دەربڕین لە مەبەست، یان واتا بە کەمترین وزە لەدەربڕیندا، یان کورتترین شێوازو ڕێگا بۆ دەربڕین)) ( الیاسري, 2001, ل4). واتە؛ ئابووری زمانی ئامانجێتی بە کەمترین وزە زۆرترین واتا بەدەستەوە بدات.

بەوردبوونەوە لەو پێناسە و بۆچوونانەی سەرەوە، کە بۆ ئەم چەمکە خرانەڕوو، دەبینین تێکڕایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئابووریکردن لەزماندا بۆ پاراستنی وزە و سوککردنی ئەرك و بەفیڕۆنەدانی کاتە.

کەواتە؛ دەتوانین بڵێین: ئابووریکردن لەزماندا بریتییە لە سەرفکردنی کەمترین وزە. واتە؛ ئاخێوەر هەوڵدەدات بە کەمترین وزە و کات زۆرترین واتا و مەبەست بۆ گوێگر بنێرێت.

### 2-2 سوود و گرنگی ئابووریکردن لە زماندا:

بەگشتی ئابووریکردن پێویستییەکی سەرەکی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بەکورتترین ڕێگەو کەمترین وزەو کات بە ئامانجەکانی بگات و زۆرترین واتا بەدەستەوە بدات.بۆیە ئەم دیاردە زمانییە لە هەموو زمانێکدا دەبینرێت و گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە چەند سوود و گرنگییەکی دەخرێتەڕوو:

- یەکێك لە سوودە گرنگەکانی ئابووریکردن لەزماندا ئەوەیە، کە زمان بەرەو ئاسانی و کورتبڕی دەبات و سیمایەکی نوێی پێدەبەخشێت. واتە؛ ئابووری زمانی هۆکارە بۆ ئاسانی، نەك بارگرانی. لەمبارەیەوە (پۆڵ پاس) دەڵێت: ((ئەم گۆڕانەی زمان شتی نوێ لە زمان دەدۆزێتەوە و ئەو دەنگانە لادەبات، کە پێویست نین و دەبێتە هۆی سوککردنی باری زمان))( خۆشناو و ساڵح، 2014، ل7).

- ئابووریکردن لەزماندا ((بە یەکێك لە گرنگترین و سەرەکیترین کاری مێشکی مرۆڤ و بیرکردنەوەی دادەنرێت))( فەتاح، 2011، ل15)، لەبەرئەوەی هەوڵدەدرێت بەکەمترین وزەو کات زۆرترین بیر و مەبەست بگەیەنرێتە بەرامبەر.

- یەکێك لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئابووریکردن لەزماندا بریتییە لە سوککردنی ئەرکی ماسولکەکانی مرۆڤ لەزمانی ئاخاوتن و نووسیندا.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

- ئابووریکردن نابێتە هۆکاری دروستبوونی لێڵی و تێکچوونی زمان و شێواندنی واتا، چونکە بەکەمبوونەوەی یەکە و کەرەستە زیادەکان، لایەنی واتا ناشێوێت و تێکناچێت، لەبەرئەوەی ئەو یەکە و کەرەستانەی زمان لادەبرێت، کە بەپێویست نازانرێت.

- گرنگییەکی دیکەی ئابوریکردن ئەوەیە، کە دەرخەری سەلیقە و بەهرە و شارەزایی توانای کەسی ئابووریکەرە، کە بەپێی جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانی زمانەکەی ئابووری دەکات و ڕێگەی کورت هەڵدەبژێرێت بە چەند هەنگاوێکی ئاسان، دەگات بەو ئامانجەی دەیەوێت( ساڵح، 2012، ل35).

### 3-2 چەمك و تێروانینی گۆڕان لەزماندا (Language change):

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمیشە لە داهێنان و گۆڕان و چالاکی بەردەوامە، زمانیش وەك بوونەوەرێکی زیندوو بەپێی؛ بارودۆخ و پێویستی و تێپەڕبوونی کات، گۆڕانی بەسەردادێت. لەمبارەیەوە (هامبۆڵت) پێیوایە: ((توانستی زمان لای هەرتاکێك گوزارشتە لە لایەنەکانی جەوهەری عەقڵی مرۆڤ خۆی، گۆڕانی زمانیش بەپێی پێویستی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەبێت)) (هـ . روبنز، 1997، ص253). بۆیە گۆڕانی زمانیی بەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی زمان هەژمارکراوە، لەبەرئەوەی بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

(دیڤید کریستاڵ) دەربارەی چەمکی گۆڕانی زمان دەڵێت: (( لەزمانەوانیی مێژووییدا زاراوەیەکی گشتییە، ئاماژە بەو گۆڕانانە دەکات، کە لەناو زمانێکدا بەماوەیەکی درێژخایەن هەستپێدەکرێت، وەکو پرۆسەیەکی جیهانی و بەردەوام دەبینرێت)) (Crystal, 2008, p266.). واتە؛ گۆڕانی زمان دیاردەیەکی جیهانی گشتگیرەو لەهەموو زمانێکدا هەیە. واتە؛ پەیوەست نییە بە زمانێك، یان کەسێك، بەڵام لەڕوی چەندێتی و چۆنییەتی لەنێوان زمانەکاندا جیاوازە.

ئەم دیاردە زمانییە لەسەرەتادا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لەلایەن زمانەوانە بەراوردکارییەکان توێژینەوەی لەسەرکرا[ii]، بەڵام دواتر لەلایەن زمانەوانە مێژووییەکان و کۆزمانەوانەکان کاری لەسەرکرا (Crystal, 2008, p267). بۆنموونە: (ولیەم لابۆف) لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کە بەیەکێك لە پێشەنگەکانی کۆزمانەوانی دادەنرێت، بەشێوەیەکی زۆر ورد مامەڵەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە کردووە، کە لە ئاخاوتنی خەڵکیدا بەدیدەکرد (اتشس، 2016، ص322).

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەك ڕوودەدات، کە زۆربەی ئاخێوەرانی زمان بەئاگانین لەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن، لەبەرئەوەی پاش تێپەڕبوونی سەردەمانێك هەستیان پێدەکرێت (بێرنار کەمرتی و ئەوانی تر، 2007، ل46) واتە؛ گۆڕانی زمان دیاردەیەکی لەسەرخۆیە و هەنگاو بەهەنگاو ڕوودەدات و یەکسەر هەستیپیناکرێت.

لە پرۆسەی گۆڕانی زماندا هەندێك پێیانوایە؛ گۆڕانی زمان، زمان بەرەو تێکچوون و شێوان دەبات[iii]، بەڵام مەرج نییە گۆڕانی زمانی ببێتە هۆی تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونی زمان، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی ئاسانکردنی باری زمان، چونکە گۆڕان بەپێی یاساو دەستوور ڕوودەدات (بەختیار، 2024، ل21) لەمبارەیەوە زمانەوانی ئەمریکی (وتنی) دەڵێت: ((ئەو گۆڕانانەی، کە لەزماندا ڕوودەدەن، نموونەن بۆ ئەو خواست و ویستەی، کە لە خودی زماندا بۆ کەمکردنەوەی وزە سەرفکردن هەیەو لە ئاخاوتن پەیڕەو دەکرێت))( السید, 1989, ص23) هەر لەم چوارچێوەیەدا (ماکس مۆلەر)، کە سەر بە قوتابخانەی زمانەوانیی ئەڵمانییە، دەڵێت: ((گۆڕانی دەنگ بەرەو ئاسانیی دەڕواو هەوڵ کەمدەکاتەوە))( عمر، 1991، ص274) کەواتە؛ گۆڕان لەزماندا زمان بەرەو ئاسانیی دەبات، نەك بەپێچەوانەوە.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

گۆڕان لەزماندا پەیوەست نییە بە ئاستێکی زمانیی دیاریکراو، بەڵکو هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە، هەروەها گۆڕان لە ئاستێکی زماندا، ئەنجامی ئەو گۆڕانەیە، کە لە ئاستی خوار خۆیەوە ڕوویداوە. بۆ نموونە: گۆڕانی دەنگەکان کارلە سیستەمی فۆنۆلۆجی و قاڵب و سروشتی بڕگەکان دەکات،...هتد، گۆڕانی فۆنۆلۆجی و سروشتی بڕگەکان کار لە سیستەمی مۆرفۆلۆجی دەکات، گۆڕانی سیستەمی مۆرفۆلۆجیش کار لەسروشتی لەیەکدانی وشە و یاسا سینتاکسییەکان دەکات(ئەمین، 2011، ل124).

بۆ نموونە لە گۆڕانی سیستەمی مۆرفۆلۆجی و کاریگەری لەسەر سروشتی لێکدانی وشە و یاسا سینتاکسییەکاندا، کاتێک مۆرفیمەکان دەگۆڕێن، تێکەڵدەبن لەگەڵ کرداردا، ئەوا ڕیزبەندی وشەکان لە ڕستەدا، یان یاسا سینتاکسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لە هەندێک شێوەزاردا، کاتێک بکەرەکە دیارە (واتە بە پاشگر نیشان دراوە)، پێویست ناکات (من، تۆ، ئەو و هتد)، دووبارە بکرێتەوە، (من دەچم بۆ بازاڕ) لێرەدا (من و دەچم) هەردووکیان هەن، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەتایبەت لە قسەکردندا، دەڵێین: (دەچم بۆ بازاڕ) لێرەدا (من) لابردراوە و (م) لە (دەچم) جێگەی دەگرێتەوە.

ئەم دیاردەیە، کە پێی دەوترێت جێبەجێکردنی بکەر، دەریدەخات کە چۆن گۆڕانێکی مۆرفۆلۆجی کاریگەری لەسەر سینتاکس هەیە، ئەم گۆڕانە لە مۆرفۆلۆجیدا وا دەکات یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە زیاتر پشت بە مۆرفیمە کەسییەکان ببەستن و کەمتر پشت بە وشە سەربەخۆکانی بکەر ببەستن.

جگە لە زمانەکان، زارو شێوەزارەکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت، چونکە کاتێك زارو شێوەزارەکان، کە لە شوێنێك بەیەك دەگەن و کاریگەریی دەخەنە سەر یەکتر، ئەو کاریگەرییەش سەرەتای دروستبوونی گۆڕانە، جا بەهۆی دراوسێیەتی شێوەزارەکان، یان کۆچ و ڕاگواستنی بە کۆمەڵ بێت، یان بەهۆکارە جیاوازەکانی تر بێت(سەعدون، 2023، ل72). لەمبارەیەوە (دیڤید کریستاڵ) دەڵێت: ((زارەکان شێوازی جیاوازیی ڕێزمانیان هەیەو هەمیشە لەگۆڕاندان، هەروەها پێیوایە؛ شێوەی قسەکردنمان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بەپێی ئەوەی لە کوێ ژیاوین و لەگەڵ کێ قسەدەکەین)(Crystal, 2010, p72-74 ). واتە؛ زارو شێوەزارەکانی زمانیش، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی نێوانیان و بە هۆکاری جیاواز، گۆڕانیان بەسەردادێت.

گۆڕانی زمان لەخۆیەوە ڕوونادات، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز هەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی زمان گۆڕانی بەسەردابێت. بەگشتی زمانەوانان هۆیەکانی گۆڕانی زمان بۆ دوو هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێننەوەو هەریەك لەو هۆکارانەش، کۆمەڵێك هۆکارو مەبەستی جیاوازی لەپشتە، ئەو دوو هۆکارەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- هۆکاری ناوەکی:

هۆکارە ناوەکییەکانی گۆڕانی زمان بریتین لەو هۆکارانەی، کە لە ناوەوە دەبنە هۆی گۆڕینی زمان و پەیوەندییان بە خودی زمانەوە هەیە. واتە؛ کارتێکەرەکانی دەرەوە، ڕۆڵ لە ڕێژەی کاریگەرییان نابینن.بەگشتی هۆکارە ناوەکییەکان لەدوو هۆکاردا کۆدەبنەوە، ئەوانیش: (کات و وزەن). بەهۆی زۆربوونی کەرەستەو پێویستییەکانی ژیان لەگەڵ فراوانبوونی زمان، سنووری کات و وزەش، مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ کورتکردنەوەو ئاسانی زمان، بەمەش قسەکەر و گوێگر قازانج دەکەن و کات و وزەیان بۆ دەگەڕێتەوە.

2- هۆکاری دەرەکی:

مەبەست لەهۆکارە دەرەکییەکان؛ ئەو هۆکارانەن، کە لە دەرەوەی زمان کاردەن و بەهۆیەوە زمان بەرەو ئاراستەی گۆڕان دەبەن[iv]. هۆکارە دەرەکییەکانی گۆڕانی زمان زۆرن، لەوانە: (هۆی جوگرافی، هۆی سیاسی، هۆی ئابووری و بازرگانی،...هتد).

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

ئاشكرایە؛ زمانی كوردیش وەك هەرزمانێكی تر لەگۆڕانكاریی بەدەرنەبووە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ڕێژەی ئەم گۆڕانكارییانەش لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی وەك یەك نییە و جیاوازییان هەیە، بەپێی ڕو ڕادەی كارتێكردنی هۆكارەكانی گۆڕان، هۆی سەرەكی جیاوازیی ناوچەكانیش لەبرو ڕادەی كارتێكردنی ئەو هۆكارانەدایە، كە وابەستەی جیاوازیی تۆبۆگرافیا وجوگرافیای ناوچەكانە(ڕەسول، 2015، ل378).


پێویستە بگوترێت: لەپاڵ هەر هۆكارێكی گۆڕانی زمان بەرژەوەندییەك هەیە، چونكە ((مرۆڤ لەكارەكانیدا بە پلەی یەكەم بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەكاتەوە))( عەساف، 2013، ل6)، بۆ نموونە: یەكێك لە بەرژەوەندییەكانی گۆڕان لە زماندا، بەمەبەستی كەمكردنەوەی وزەو كات و سوودگەیاندنی لە نێوان قسەكەر و گوێگردا.

**4-2 هێما نازمانییەكان و ئابووریكردن:**

مرۆڤ بەشێوەیەكی سروشتی حەز لە ئابووریكردنی وزە دەكات، بۆیە هێمای نازمانی بۆ گەیاندنی واتا بە خێرایی و كەمترین كۆشش بەكاردەهێنێت ، هێما نازمانییەكان دەبنەهۆی ئابووریكردن لە زماندا دەكەن، چونكە بە كەمترین هێما، زۆرترین ڕوونی و كاریگەریی و واتا دەبەخشن.

هێما نازمانییەكان، بەتایبەت هێماناجوڵەییەكان، ڕۆڵێكی گرنگیان لە ئابووریكردنی زماندا هەیە. هەروەكو پێشتر ئاماژەپێكرا ئابووریكردنی زمانیی بریتییە لەو پرۆسەیەی، كە زمان بەشێوەیەكی كاریگەر و كورتكراوە بەكاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی زانیاریی و بیرۆكەكان بەشێوەیەكی خێرا و كاریگەر. هێما نازمانییەكان و هێماناجوڵەییەكان دەتوانن لەم پرۆسەیەدا یارمەتیدەن بەم شێوازانە:

1. **كورتكردنەوەی زانیاریی:** هێما نازمانییەكان دەتوانن زانیارییەكی زۆر لە شێوەیەكی كورت و كۆكراوەدا پێشكەشبكەن. بۆ نموونە، هێمای(  )دەتوانێت هەستی خۆشەویستی و خۆشەویستی، یان بەدڵبوونیش بگەیەنێت، بەبێ پێویستی بە نووسینی وشەیەكی درێژ.

2. **گەیاندنی هەست و سۆز:** هێماناجوڵەییەكان وەک دیمەنەكان و ئەنیمەیشنەكان دەتوانن هەست و سۆزەكان بەشێوەیەكی كاریگەرتر و خێراتر بگەیەنن. بۆ نموونە، دیمەنێكی زەردەخەنە(  )دەتوانێت هەستی خۆشی و ئەرێنی بگەیەنێت بەشێوەیەكی خێرا.

3. **ئاسانكردنی پەیوەندی:** هێما نازمانییەكان دەتوانن پەیوەندییەكان ئاسانتر بكەن، بەتایبەت لە پەیوەندییە خێرا و كورتەكان، وەک نامەكانی دەنگی و پەیامەكانی دەستی. بۆ نموونە، هێمای(  )دەتوانێت پەیامێكی ئەرێنی بگەیەنێت بەبێ پێویستی بە نووسینی وشە.

4. **نەهێشتنی كێشەكانی زمان:** لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەكاندا، هێما نازمانییەكان دەتوانن كێشەكانی زمان و ڕێزمان كەم بكەنەوە و وەک زمانێكی جیهانی كار بكەن. بۆ نموونە، هێمای(  )دەتوانێت هەستی توڕەبوون بگەیەنێت بەبێ پێویستی بە وەرگێران.

5. **زیادكردنی تایبەتمەندیی و جیاكاریی:** هێما نازمانییەكان دەتوانن تایبەتمەندیی و جیاكاریی لە پەیامەكاندا زیادبكەن، كە وایان لێدەكات زیاتر بەرچاو بن و لە بیر بكرێنەوە، بۆ نموونە لۆگۆی كۆمپانیای ئەپڵ (Apple):

سێوە گەز لێگیراوەكە، یەكێكە لە ناسراوترین لۆگۆكانی جیهان. كاتێک ئەم هێمایە دەبینیت، ڕاستەوخۆ بیرت بۆ بەرهەمەكانی كۆمپانیای ئەپڵ دەچێت وەک ئایفۆن و ئایپاد، بێ ئەوەی یەک وشە بنووسرێت. ئەم لۆگۆیە جیاكارییەكی تەواو بۆ بەرهەمەكانی ئەپڵ دروست دەكات لەنێو هەزاران بەرهەمی ئەلیكترۆنی تردا.

**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

کەواتە؛ هێما نازمانییەکان وەک کلیلێکن بۆ کورتکردن، ڕوونکردنەوە، و ڕێکخستنی بیرۆکەکان لە زمانی نووسین و قسەکردندا. بەکارهێنانی دروستی ئەم هێمایانە کاریگەریی زمان زیاد دەکات و کات و هەوڵی خوێنەرو نێرەر کەمدەکاتەوە.

### 5-2 هێما نازمانییەکان لە ئابووریکردن لە زماندا:

ئابووریکردن لە زماندا بە واتای گەیاندنی زۆرترین زانیاری بە کەمترین وشە و کات و وزە دێت. هێما نازمانییەکان ئامرازێکی سەرەکیی ئەم پرۆسەیەن. لێرەدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هەر یەک لەو هێمایانەی خوارەوە و ڕۆڵی ئابووریکردنیان دەخەینەڕوو.

### 1-5-2 هێماکانی هاتوچۆ:

مرۆڤ هێمانازمانییەکان لە بواری هاتووچۆ بەکاردێنێت، بەتایبەتی لەسەر ڕێگاوبانەکان، کە یارمەتیدەرێکی زۆرباشی مرۆڤە، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ و یارمەتیدانی لە ڕۆیشتنی بۆ شوێنێك و ئاگادارکردنەوەی لەمەترسییەکان،... هتد. هێما و هێڵکاری لە پرۆسەی هاتوچۆ ڕێنیشاندەرن بۆ گشت بەکارهێنەرانی شەقام، ئیتر (شۆفێر بن یاخود سەرنشین یان پیادەڕەو ، خاوەن پێداویستیەکان ) . و بە شێوازێکی گشتی ئەم هێما و هێڵکاریانە زمانێکی جیهانیان هەیە، واتە لە گشت وڵاتانی دونیا هەمان مەبەست و مانا و ئامانجیان هەیە و لێکچوونێکی تەواویان هەیە، جگە لە هەندێك جیاوازی ڕووالەتیان، لێرەدا هەندێك لە هێما نازمانییەکان لە شێوەی هێمای ناجووڵەیدا ئاماژە پێدەکەین، وەك :



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆلادان بۆلای ڕاست، کە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ ڕێگەکە لەژێر چاکردنەوە دایە، ئەو هێمایە پێشوەختە شوفێران ئاگاداردەکاتەوە لە هەبوونی تیمەکانی ڕێگەی چاکردنەوە.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ ئاگادارکردنەوە لە هەبوونی ئاژەڵیماڵی.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ ئاگادارکردنەوە لە هەبوونی ئاژەڵی کێوی، دەبێت شوفێر پێشبینی ئەوە بکات لە هەر کاتێکدا ئاژەڵی کێوی دێتە سەر ڕێگەکەی.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ بوونی پێچاوپێچی ڕێگاوبان، یان بەواتایی بوونی لۆفەی دێت.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ ڕاوەستان قەدەغەیە.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ کۆتایی ڕێگەکە و هەڵبژاردنی لای ڕاست، یان چەپ.

هێماکانی هاتوچۆ نموونەیەکی زۆر بەرچاوی ئابووریکردنی زمانن. ئەم هێمایانە بە شێوە، ڕەنگ و وێنەی سادە، پەیامێکی خێرا و جیهانی دەگەیەنن کە ئەگەر بە زمان دایبڕێژین، پێویستی بە چەندین وشە و ڕستە هەیە. هێمایەکی وەکو بازنەیەکی سوور کە هێڵێکی سپی بەناویدا هاتووە (هێمای قەدەغەی هاتنەژوورەوە)، یەکسەر بە شۆفێر دەڵێت: (تۆ بۆت نییە بێیتە ئەم شەقامەوە). بینینی ئەم هێمایە و تێگەیشتن لێی چرکەیەکی پێویستە، لە کاتێکدا خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕستەکە کاتی زیاتری دەوێت. هەروەها ڕۆڵی ئابووریکردن ئەو هێمایانە، بریتیە لە:

- **کورتکردنەوەی کات:** لە کاتی شۆفێریدا، کە کات زۆر گرنگە، هێماکان یارمەتیدەرن بۆ گرتنەبەری بڕیاری خێرا.
- **تێپەڕاندنی سنووری زمان:** هێماکانی هاتوچۆ زۆربەیان ستانداردی جیهانین. شۆفێرێک لە هەر وڵاتێکەوە بێت، دەتوانێت لەم هێمایانە تێبگات بەبێ ئەوەی زمانی ئەو وڵاتە بزانێت. ئەمەش ئابووریکردنە لە فێربوونی زمانە جیاوازەکاندا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.
- **کەمکردنەوەی دەق:** لەبری نووسینی ڕستەی درێژ لەسەر تابلۆکان، یەک هێما بەکاردێت کە شوێنێکی کەمتر دەگرێت و بینینیشی ئاسانترە.

### 2-5-2 هێماکانی ناو دەشبولی ئۆتۆمبێل

کۆمەڵێك هێمای نازمانی لە ناو دەشبولی سەیارە هەیە، هێمای گشتین لەهەموو زمانەکان هەمان واتایان هەیە، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئابووریکردن لە زماندا هەیە ، هەریەکێك لەم هێمایانە کاتێك کارادەبن، بۆ مەبەست و واتایەك بەکاردێت، وەکو ئەم هێمایانەی خوارەوە:



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بزوێنەر(حەماوە)، هەندێك لە ئۆتۆمبێلەکان پێوەری حەماوەیان نییە، بەڵکو تەنها ئەو هێمایەیان هەیە، کاتێك کارا دەبێت، بە واتای ئەوە دێت، ئۆتۆمبێلەکە حەماوەیی بەرزبۆتەوە پێویستی بەساردبوونەوە هەیە.



*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ بوونی کێشە لە ئەرباك، کاتێك ئەرباك کێشەیەکی تێبکەوێت ئاگادارمان دەکاتەوە وکارادەبێت.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ بوونی ئاو لەناو تەنکی بەنزین، کاتێك کارا دەبێت، کە بەنزینی ئۆتۆمبێلەکە ئاوی تێدابێت.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ کەمبوونی بەنزین لە ئاستی خۆی، کاتێك بەنزین لە ئاستی پێویست کەمتر دەبێت، ئاگادارمان دەکاتەوە لە کەمی بەنزین.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ کێشە لە بزوێنەری ئۆتۆمبێل، کاتێك کارادەبێت بەواتای ئەوە دێت، کە بزوێنەری ئۆتۆمبێڵەکە کێشەی هەیە.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ لەکارکەوتنی پاتری، ئەگەری ئەوە هەیە پاتریەکە ئۆتۆمبێلەکە بارگاوی نەکاتەوە ، یان ڕەنگە پاترییەکەی مردوو بێت و پێویستی بە گۆڕین یان بارگاویکردنەوە هەبێت.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ تێکچوونی کارکردنی سیستەمی سوکان بە گشتی، یان لە سیستەمی سوکانەکانی دژە قفڵ (ABS) بە تایبەتی. لەم حاڵەتەدا پێویستە ئاستی شلەی سوکانەکە بپشکنیت و سەردانی نزیکترین سەنتەری خزمەتگوزاری بکەیت بۆ ئەوەی سیستەمی سوکانەکە بە تەواوی بپشکنرێت.



ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ هەڵەیەک لە گێرەکەدا و پێویستی بە چاککردنەوە هەیە.

هێماکانی ناو داشبۆردی سەیارە سیستمێکی پەیوەندیی خێرای نێوان ئۆتۆمبێل و شۆفێرن, هەر هێمایەک ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی دیاریکراوی تەکنیکی یان ئاگادارکردنەوەیەک. بۆ نموونە، هێمای "فشاری ڕۆنی بزوێنەر نزمە" ، یەکسەر شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە لە کێشەیەکی مەترسیدار. ئەگەر ئەمە بە ڕستە بنووسرایە (ئاگاداربە، فشاری ڕۆنی بزوێنەرەکەت زۆر نزمە، تکایە ئۆتۆمبێلەکەت بکوژێنەرەوە)، کاتی زیاتری دەویست و لەوانەیە سەرنجی شۆفێری بە تەواوی ڕابکێشایە و مەترسیی دروست بکردایە. ڕۆڵی ئابووریکردن ئەو هێمایانە، بریتیە لە:

- **گەیاندنی خێرای زانیاری تەکنیکی:** ئەم هێمایانە زانیاری ئاڵۆزی تەکنیکی بە شێوەیەکی سادە و بینراو دەگەیەنن.
- **جیهانگیری:** هاوشێوەی هێمای هاتوچۆ، ئەم هێمایانەش لە هەموو جیهاندا یەک ستانداردیان هەیە، ئەمەش وا دەکات پێویست بە وەرگێران و ڕوونکردنەوەی زمانەوانی نەکات.
- **ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەر:** شۆفێر پێویست ناکات شارەزاییەکی زۆری لە میکانیکی ئۆتۆمبێل هەبێت, بۆ ئەوەی لە کێشە سەرەتاییەکان ئاگادار بێت.

**3-5-2 هێماکانی بازرگانی:**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

وەك ئاشكرایە بواری بازرگانی بوارێكی زۆر فراوان و تێكەڵ بە هەموو بوارەكانی تری ژیان بووە، هەر تاكێكی كۆمەڵگە هەر كار و پیشەیەكی هەبێت، جگە لە ئەركەكەی خۆی، ڕۆژانە بەردەوام ئەو وێنە و ئاماژانەی دەكەوێتە بەرچاو، كە لە بواری بازرگانی بەكارهاتوون، لێرەدا چەند هێمایەك لەو هێمایانە دەخەینە ڕوو:



فڕێدانی هەیە. بۆ تایبەت شوێنی فڕێمەدە، خاشاك و زبڵ




لەكاركەوتنی دوای نابێ ئەوەیە مانای ئەوە دەبینین، پاتری لەسەر هێمایە ئەو زۆرجار
زبڵ. سەبەتەی ناو فڕێبدرێتە



بكرێ. لەسەر گەرمی ئاوی واتە هێمایە ئەو



دابنرێ. شێدار شوێنی یان باران، لەبەر نابێ ئەوەیە مانای هێمایە ئەو



ئەو هێمایە ئاماژە بەوە دەكات، كە ئەم مادەیە وەك شووشە ناسكە و دەشكێ، بۆ ئاگاداركردنەوەی خەڵک بەكاردێت، كە شتێک، یان ئەو پاكەتانەی تێیدایە ناسكە و بە ئاسانی زیانیان پێدەگات، هێماكە لە پەرداخێكی درزاوی پێكدێت، بە شێوەیەكی گشتی لەسەر پاكەتەكان بەكاردێت، كە شووشە، یان مادەی ناسكی تریان تێدایە.



هێمایەكی تر، كە لەسەر پاكەتەكان بەكاردێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، كە پێویستە بەرهەمەكە بە وریاییەوە بگوازرێتەوە.



ئەم کۆدە پیتی Q ی تێدایە، کە بە مۆبایلەکەوە لکێنراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر لە بەرهەمەکە ڕازی نەبوویت، دەتوانیت پەیوەندیی بە بەشی پشتگیریی بەرهەمەکە بکەیت بۆ ڕێنمایی و چارەسەرکردنی کێشەکان.



ئەم هێمایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە بەرهەمەکە ڕیسایکل کراوە، بەڵام هەمیشە نا. لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ئەم هێمایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەر بەرژەوەندیی لە ڕیسایکلکردنی بەرهەمەکەدا هەیە.




ئەم هێمایە بۆ سندوقی یاری منداڵان بەکاردێت. ژمارەکانی سەر هێماکە ئاماژەن بۆ مەودای تەمەنی گونجاو بۆ یارییەکە. بۆ نموونە ئەم هێمایە لە خوارەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی سندوقەکە بۆ منداڵانی خوار تەمەنی سێ ساڵ گونجاو نییە.

ئابووریکردن لێرەدا تەنها بە مانای کەمکردنەوەی وشە نییە، بەڵکو کەمکردنەوەی کات، وزەی مێشک، و کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەیە، کە هەمووی لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی ماددیش. بە وردی پەیامە زمانییەکەی (ئەگەر بە نووسین بوایە):  لێکیان بدەینەوە: بۆ نموونەی (وێنەی پەرداخی درزبرد) ئاگاداری: ناوەڕۆکی ئەم پاکێتە لە مادەی ناسک و لاواز پێکهاتووە. تکایە بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکە. فڕێی مەدە، زەبری بەرنەکەوێت و هیچ شتێکی قورسی لەسەر دامەنێ، چونکە ئەگەری شکان و تێکچوونی هەیە. ئەم پەیامە لەوانەیە پێویست بکات بە چەند زمانێکی جیاواز بنووسرێت (بۆ نموونە: ئینگلیزی، عەرەبی، چینی، کوردی) لەسەر پاکەتێک کە بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی دەنێردرێت. ڕۆڵی ئابووریکردن ئەو هێمایانە، بریتیە لە:

- **ئابووریکردن لە وشە و شوێندا:** یەک وێنەی بچووکی هێمایی نازمانی جێگەی نزیکەی (٢٠-٣٠ ) وشە بە یەک زمان دەگرێتەوە. ئەگەر بۆ ٤ زمانی جیاواز بوایە، دەکرا بە نزیکەی ١٠٠ وشە, ئەمە کەمکردنەوەیەکی زۆر گەورەیە لە ڕووبەری چاپکردن لەسەر پاکەتەکە.
- **ئابووریکردن لە کاتدا (خێرایی تێگەیشتن):** کرێکارێکی گواستنەوە لە بەندەرێکدا کە لە خولەکێکدا پێویستە دەیان پاکەت بار بکات، کاتی خوێندنەوەی ئەو هەموو ڕستەیەی نییە. بەڵام بینینی وێنەی پەرداخە شوشەکە لە کەمتر لە چرکەیەکدا پەیامەکەی پێدەگەیەنێت. کات لێرەدا ڕاستەوخۆ یەکسانە بە پارە. خێراتر کارکردن واتە کەمکردنەوەی تێچووی کار.
- **ئابووریکردن لە وزەی مێشکدا:** خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەق پێویستی بە وزەیەکی زۆرتری مێشک هەیە بە بەراورد بە ناسینەوەی وێنەیەکی ستاندارد. هێماکە ڕاستەوخۆ بەشی بینینی مێشک چالاک دەکات و بڕیارێکی خێرا دروست دەکات (وریابە)، بەبێ پرۆسەی ئاڵۆزی زمانەوانی.
- **ئابووریکردن لە وەرگێران و فرەزمانیدا:** گەورەترین ئابووریکردن لێرەدایە. کۆمپانیایەک پێویست ناکات خەرجیی وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بۆ دەیان زمانی جیاواز بکات. یەک هێمای ستانداردی جیهانی بەسە بۆ هەموو وڵاتان. ئەمە تێچووی دیزاین و چاپ بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.

**4-5-2 هێماکانی ئیمۆجی**:

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا، هێما و نیشانەکان (وەک ئیمۆجی و ئایکۆنەکان) بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێن بۆ پەیوەندییە خێرا و کاریگەرەکان، ئیمۆجی بریتییە لە وێنەیەکی بچووکی دیجیتاڵی یان ئایکۆن کە بەکاردێت بۆ دەربڕینی بیرۆکە، هەست، یان چەمکێک لە پەیوەندی ئەلیکترۆنیدا. ئیمۆجی لە ژاپۆنەوە سەرچاوەیگرتووە و بووەتە زمانێکی بینراوی گشتگیر لە مۆبایلە زیرەکەکان و سۆشیال میدیا و ئەپەکانی نامە ناردن.



بۆ پێکەنینێکی هێندە بە توندی، کە دەگریت، شتێک پێکەنیناوییە، یان لەڕادەبەدەر کۆمیدییە. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ ناردنی خۆشەویستی، سۆز، یان ماچێکی دۆستانە. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ توڕەیی، بێزاری، یان دڵتەنگبوون. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ، بیرکردنەوە، یان پرسیارکردن لە شتێک. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ وردبوونەوە، پشکنین، یان گوماناوی. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ شۆک، ترسناک، یان سەرسوڕمانی لەڕادەبەدەر. ئاماژە هێمایە ئەو



بۆ تەماح، وروژاندن بۆ پارە، یان باسکردنی سامان. ئاماژە هێمایە ئەو



ئەو هێمایە ئاماژە بۆ دڵتەنگی لەڕادەبەدەر، دڵشکان، یان هەستێکی سەرسەخت. نیشاندەدات کەسێک بە قورسی دەگری، یان هەست بە ناڕەحەتییەکی قووڵ دەکات.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (126-147)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7**

ئیمۆجییەکان لە سەردەمی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکاندا بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانی نووسین. ئەمانە هەست و سۆز و کاردانەوەکان بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر دەگەیەنن. لە جیاتی نووسینی, وەك: (من زۆر توڕەم بەم هەواڵە و دڵتەنگبووم)، بەکارهێنانی ئیمۆجی (  )هەمان هەست بە شێوەیەکی خێراتر و ڕاستەوخۆتر دەگەیەنێت. هەروەها، ئیمۆجییەکان ئەو بەشە نازمانییەی قسەکردن (وەک جووڵەی دەموچاو و تۆنی دەنگ) پڕ دەکەنەوە کە لە نووسیندا بوونی نییە. ڕۆڵی ئابووریکردن ئەو هێمایانە، بریتیە لە:

- گوزارشتکردن لە هەست بە خێرایی: ئیمۆجییەکان ڕێگەیەکی کورت و خێران بۆ دەربڕینی هەستەکان، کە ئەگەر بە وشە دەرببردرێن، ڕەنگە درێژ بن و هەمان کاریگەرییان نەبێت.
- ڕوونکردنەوەی مەبەست: زۆرجار لە نووسیندا مەبەستی ڕستەیەک بەهەڵە لێکدەدرێتەوە. بەکارهێنانی ئیمۆجییەک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی مەبەستی نووسەر (بۆ نموونە گاڵتە، تووڕەیی، یان دڵخۆشی) ڕوونتر بێت و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر نەکات.
- زمانێکی جیهانیی نوێ: ئیمۆجییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهاندا بەکاردەهێنرێن, لە زۆربەی کەلتوورەکاندا هەمان واتایان هەیە، ئەمەش ئاسانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، گرنگترینیان لە چەند خاڵێكدا دەخرێتەڕوو:

1- هێما نازمانییەکان و جۆرەکانیان ڕۆڵی گرنگیان لە پەیوەندیکردن و زوو گەیاندنی واتا هەیە و بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی خوێندەواری کەسەکان، هەروەها دەتوانرێت لە هەندێك باردا لە بری هێمای زمانی بەکاربێت، بەڵام ناکرێت یەکێکیان بەکاربهێنرێت و یەکێکی تریان پشتگوێبخرێت.

2- یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی هێمای نازمانی ئابووریکرنە، کە مرۆڤ بۆ مەبەستی وزەپارێزیی بەکاردەهێنێت، جا هێمای جووڵەی بێت، یاخود نا جووڵەیی.

3- لەڕووی کردەی شیکردنەوە، بەهۆی تێگەیشتنێکی دەستبەجێیان، ڕوونی و کاریگەریی واتاکانیان، بەگشتی هێما نازمانییەکان، خێراتر لە هێما زمانییەکان پرۆسێسدەکرێن، ئەم کردەی شیکردنەوەش وادەکات وزە پارێزیی تێدا دەربکەوێت.

4- هێما ناجووڵەییەکانی نێو هێما نازمانییەکان، ئابوورییە زمانییەکەیان لەوەدایە، کە خێراترین واتا، بەکەمترین کات بەدەستەوەدەدات.

5- بەگشتی هێما نازمانییەکانی پەیوەست بە ئابووریکردنی زمانییەوە، بە چەند شێوازێك یارمەتیدەرە، گرنگترینیان:( کورتکردنەوەی زانیاریی، گەیاندنی خێرایی واتا، ئاسانکردنی پەیوەندیی، کەمکرنەوەی گرفتی تێنەگەیشتن، زیادکردنی تایبەتمەندیی و جیاکاریی).

## سەرچاوەکان

### 1- بەزمانی کوردی:


- ئەحمەد، شنە ابوبکر ( ٢٠٠٨) ، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر
- ئەمین، وریا عومەر (2011)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- بوداگڤ (1974)، مرۆڤ و زمانی، چاپخانەی زامکۆی مۆسکۆ.
- حەمەڕەشید، ئارام عبدالواحید ( 2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- خۆشناو و ساڵح، نەریمان وشوکر محمد(2014) ، گەشەوگۆڕان لەزماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (4).
- دزەیی، عبدالواحید مشیر ( 2015)، زانستی سیمانتیك، چاپی یەکەم، هەولێر.
- دزەیی، عبدالواحید مشیر (2011)، واتاسازی وشەو رستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن (2002)، مێژوی شێوەزاری گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی دهۆك.

DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.7


- ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- ساڵح، دەروون عبدالرحمن (2012)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- سعید، بیخاڵ عەبدوڵڵا (1989) واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- سلێمان، ئازاد عەزیز (2012) ململانێی زمان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- سەعدون، لانە عاسی (2023)، کاریگەریی کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان لەسەر زارەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەساف، هیوا ئەحمەد (2013)، بەرژەوەندیی مرۆڤ و دروستبونی زار، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(5).
- عەلی، نەهرۆ(2009) ، زانستیی ئابووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- عەلی و عەبدوڵڵا، شێرزاد سەبری و عەبدولسەلام نەجمەدین (2011)، زمانڤانییا کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- عەلی، تالیب حوسێن ( 2011)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- کەمرتی و ئەوانی تر، بێرنارد (2007)، زمان، و: کامیل قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- محمد مەعروف فەتاح(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم.
- بەختیار، نەسرەدین محەمەد (2024)، گۆڕانی زمان لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بەپێی تیۆریی شەپۆلەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- محەمەد، دارا حەمید (2017)، جینۆسایدی زمان، زمانی کوردی بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(165).

**2- بەزمانی عەرەبی:**

- اتشسن، جين (2016)، اللسانيات: مقدمة إلى مقدمات. ترجمة: عبد الكريم محمد جميل. الطبعة الأولى. القاهرة.
- بيرجيرو، (1994)، ترجمة عن الفرنسية، منزر عياشي، علم الدلالة، دمشق: دار طلاس.
- السيد، صبري أحمد (1989)، تشومسكي: الفكرة اللغوية وآراء الثقافة، الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- السيرتي، السيد محمد أحمد (2014)، أسس علم الاقتصاد، الطبعة الأولى، دار التعليم الجامعي للطابعة والنشر والتوزيع، الإسكندرية، الدلالة.
- عمر، أحمد مختار (1991)، درسة في الصوتيات اللغوية، عالم الكتب القاهرة.
- الياسيرى، فاخر هاشم (2000)، ظاهرة الاقتصاد اللغوى، مجلة الموقف الثقافى، عدد شهر تمز – أب.
- كولماس، فلوريان (2000)، اللغة الاقتصاد الغوى، ترجمة: احمد عوض، عالم المعرفة، الكويت.
- روبنز (1997)، الموجز في تاريخ علم اللغة. ترجمة: أحمد عوض، علم المعرفة، الكويت.

**3-بەزمانی ئینگلیزی:**

- Alfred, Marshall (1948) principles of Economics, Eight edition, the Macmillan company, New york.
- Crystal, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics (6th Edition). Blackwell Publishing.

- Crystal, D. (2010). A Little Book of Language. First published in London by Yale University Press.
- Rubinstein, Ariel. (2009) Economics and Language. First published, printed in the United Kingdom at Cambridge University Press, Cambridge.

**Sources**

**First: In Kurdish:**

- Ahmed, Sh. A. (2008). Body language (Master's thesis). Salahaddin University, College of Languages, Hawler.
- Ali, N. (2009). Zanisti Aburi. Erbil: Mukriani Press.
- Ali, S. S., & Abdullah, N. (2011). Zmanwaniya Karaki. Duhok: Khani Press.
- Ali, T. H. (2011). Watasazi. Erbil: Rojhelat Press.
- Amin, W. O. (2011). Pitokanî Zmanewani. Erbil: Aras Press.
- Asaf, H. A. (2013). Barzhawandi Merov u Drustbuni Zar. Journal of University of Garmian, (5.(
- Bakhtiyar, B. N. (2024). Gorrani Zman la Newan Shewazari Sorani u Garmiani be Pey Theoryi Chapolakani. Unpublished master's thesis, College of Language, Department of Kurdish, University of Salahaddin, Erbil.
- Budagv. (1974). Merov u Zmani. Moscow: Zamko Press.
- Dzayi, A. M. (2011). Watasazi Wsha u Rasta. 2nd ed. Erbil: Mardin Press.
- Dzayi, A. M. (2015). Zanisti Semantik. Erbil: First Edition.
- Hama Rashid, A. A. (2013). Rizgirtin la Zmani Kurdi da. Sulaimani: Lari Press.
- Kamrati, B., & others. (2007). Zman (Trans. Kamil Qaradaghî). Sulaimani: Tishk Press.
- Khushnaw, N. W., & Salih, S. M. (2014). Gashaw Gorran la Zman da. Journal of University of Garmian, (4.(
- Muhammad, D. H. (2017). Genocidey Zman: Zmani Kurdi be Namûne. Journal of University of Garmian, (165.(
- Muhammad, M. F. (2011). Zmanewani. 3rd ed. Erbil: Haji Hashim Press.
- Rasul, A. H. (2002). Mêzhuy Shewazari Garmian. Journal of University of Duhok.
- Rasul, A. H. (2015). Chand Baseki Wirdi Zmanewani. Erbil: Awer Press.
- Saadun, L. A. (2023). Karigeri Komelga Zorlemleyekan la sar Zarakanî Zmani Kurdi. Unpublished master's thesis, College of Language, Department of Kurdish, University of Salahaddin, Erbil.
- Saeed, B. A. (1989). Watasazi Wsha. Unpublished master's thesis, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil.
- Salih, D. A. (2012). Iconomi la Astakani Zmani Kurdi da. Erbil: Haji Hashim Press.
- Sleman, A. A. (2012). Melmelaney Zman. Unpublished master's thesis, College of Language, Department of Kurdish, University of Salahaddin, Erbil.

**Second: In Arabic**

- Aitchison, J. (2016). Allisaniyat: Muqaddima ila Muqaddimat. (Trans. Abdul Karim Muhammad Jamil). Cairo: First Edition.
- Al-Sayyid, S. A. (1989). Chomsky: al-Fikra al-Lughawiya wa Ara' al-Thaqafa. Alexandria: Dar al-Ma'rifa al-Jami'iyya.
- Al-Sirti, S. M. (2014). Usus 'Ilm al-Iqtisad. Alexandria: Dar al-Ta'lim al-Jami'i.
- Al-Yasiri, F. H. (2000). Zahira al-Iqtisad al-Lughawi. Majallat al-Mawqif al-Thaqafi, July–August.
- Birjiro. (1994). 'Ilm al-Dilala. (Trans. Munzir Ayashi from French).
- Coulmas, F. (2000). Al-Lugha wal-Iqtisad al-Lughawi (Trans. Ahmad Awad). Kuwait: Alam al-Ma'rifa.
- Omar, A. M. (1991). Darsa fi al-Sawtiyyat al-Lughawiya. Cairo: Alam al-Kutub.
- Robins, R. H. (1997). Al-Mujaz fi Tarikh 'Ilm al-Lugha (Trans. Ahmad Awad). Kuwait: Alam al-Ma'rifa.

**Third: In English**

- Amidf, R. (2009). Economics and Language. Cambridge: Cambridge University Press.
- Crystal, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics (6th ed.). Oxford: Blackwell Publishing.
- Crystal, D. (2010). A Little Book of Language. London: Yale University Press.
- Marshall, A. (1948). Principles of Economics (8th ed.). New York: Macmillan.
- Rubinstein, A. (2009). Economics and language. Cambridge: Cambridge University Press.
-

**پەراوێزەکان**

[i] أ- سەبارەت بە بیرۆکەی سەرهەڵدانی هزریی ئابووری لە زماندا بۆ سەدەی (17-18)ە دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوکاتە ئەم هزرە هاتە ئاراوە، کە هەوڵدرا بۆ ئەوەی زمانێك دروستبکرێت، کە خەڵکی هەمووی پێی بنووسن و بخوێننەوە. لەمبارەیەوە زمانەوانیی ڕوسی (بوداگف) پێیوایە؛ بیریی ئابووریکردن لەزماندا دەمێکە پەیدابووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا فراوانبووە و ڕەونەقی پەیداکردووە (بوداگف، 1974، ل61).

ب- پەیوەست بە پەیوەندیی ئابووری و زمان، بەشێوەیەکی جیاواز لەلایەن زمانەوانان و قوتابخانە زمانەوانییەکان، باسی لێکراوە:

بۆ نموونە: زمانەوانی ڕوسی (پەتی بنیا) لەساڵیە (1874) باسی لە ئابووری لە زماندا کردووە و دەڵێت: زمان بەرەو ئابووریکردن دەچێت. بابەتی ئابووریکردن لەزماندا بەشێوەیەکی کاریگەرو سەرنجڕاکێش لە (قوتابخانەی پڕاگ) لەلایەن (هێرمەن پاوت) لەکتێبی (پڕەنسیپی مێژووی زمان-1880) باسکراوە و ناوبراو تێیدا بەشێکی سەربەخۆی بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە. لەمبارەیەوە دەڵێت: (( لەهەموو شوێنێکدا پێویست وایە شێوازەکانی دەربڕین بەشێوەیەك دابڕێژرێت، کە زیاد لەپێویستی تێدانەبێت بۆ تێگەیشتنی لەلایەن گوێگرەوە)) (کولماس، 2000، ص277). هەروەها (وافی) لەچوارچێوەی گۆڕانی زمان باسی چەکەرەی ئابووریکردن لەزماندا کردووە و پێیوایە؛ مەرج نییە هەموو گۆڕانێك زمان بەرەو تێکچوون ببات، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی ئاسانکردنی باری زمان (سلێمان،

2014، ل25). قوتابخانەی دانیمارکی (یسپرسن-1925)یش گرنگییەکی زۆری بەئابووریکردن لەزماندا داوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ((مرۆڤ هەمیشە و بەبەردەوامی هەوڵی دەمگرتنەوەو وزەکەم سەرفکردن دەدات)) (ساڵح ، 2012،ل26). یەکێکی تر لەفراوانترین ئەو کارانەی، کە لەبارەی ئابووریکردن لەزماندا دەبینرێت بریتییە لە کارەکەی زمانەوانیی (قوتابخانەی ئەمریکی) (زیف)ە، کە زۆر بەوردی چووتە ناو بابەتی ئابووریکردن لەزماندا لەکتێبەکەی بەناوی: (ڕەفتاری مرۆڤایەتی و بنەمای کەمترین وزە-1949)، ناوبراو لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەموو کردەوەو ڕەفتارێکی ڕاست لەلایەن تاکەوە لەکۆمەڵدا، سەرفکردنی کەمترین وزەی لەپشتە (کولماس، 2000، ص281). هەر لەباسی لێکدانەوەی ئابووریکردن لەزماندا (محمد مەعروف فەتاح) تێڕوانینی وایە، زمان والێدەکات ئاسانترو وزە پارێزبێت (فەتاح، 2011، ل119).

[ii] لەڕاستیدا گۆڕان لەزماندا باسێکی نوێ نییە و لەسەردەمێکی زووەوە جێگەی بایەخ و گرنگپێدانی زانا و فەیلەسوفەکان بوو، بۆ نموونە: (پانینی و فەیلەسوفە هیندییەکان زیاتر لەچوارسەدە پێش زایین باسی گۆڕانییان لەهەردوو ئاستی دەنگ و وشەدا کردووە. پاشان فەیلەسوفی گریکی و بەدوایانیشدا ڕۆمانییەکان. لەسەدەی هەژدەمیشدا (یاکوب گریم) بەوردی باسی گۆڕانی دەنگەکانی کردووە و چەند یاسایەکی گۆڕانی دەنگی دۆزیوەتەوە، کەدواتر بەیاساکانی (گریم) ناسران. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (محەمەد، 2017، ل17).

[iii] بۆ نموونە: یۆنانییەکان گۆڕانی زمانییان بەدیاردەیەکی خراپ و شێوێنەری زمان دادەنا، لەڕوانگەی ئەوان، هەرچی هاوشێوەی کەڵەپیاوانیان بدوێت، ئەوا بەڕاست و ڕەوان و پاراو دەژمێردرێت و هەرچی پێچەوانەی ئەوان بێت، ئەوا بەهەڵە و ڕەمەکی دەژمێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ڕەسول، 2002، ل2).

[iv] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (ڕەسول، 2015، ل345)، (فەتاح، 2011، ل131).